کوردستان لە کرانەوەوە بۆ داخران، وەڵامێك بۆ کوردستانی نوێ

رامیار مەحمود / شام

ئایا ترس لەوەی کۆمەڵگای سیاسی کوردی کراوەترە بەسەر ئەگەری فاشستیدا زیاترلە ئەگەری دیموکراسی ترسێکی مەشروعە، ئەوە دەنگە لە ڕۆشنبیری کوردیدا دەنگێکی پۆزەتیڤە کە واقیع ڕەخنە دەکات یاخود ئەو دەنگەی لۆژیکی پاساو بە ڕێوەی دەبات، ئەوانەدڵسۆزی کێشەی کوردن کە ئەبێت بڵێن کورد کۆمەڵگایەکی بێخەوشە یاخوود ئەوانەی ئەخوازن بوترێت کۆمەڵگای کوردی پڕە لە دەنگ و گروپی تاریك، تا لەو دۆخە کەلتوریيەشدا بمێنێتەوە دزی ئاساییە، کوشتن ئاساییە، جوندولئیسلام وەك بەرهەمێکی کەلتور ئاساییە، هەرەس هێنانی بڕوای مرۆڤەکان بە دروستکردنی بەختیاری لەسەر ئەو پارچە زەوییە ئاساییە، چەند ساڵێك لەمەو پێش سکرتێری یەکێتی لەسەر تەلەفزیۆن لەسەر مێزەکەی دەستی بۆ کتێبێك بردو بەرزی کردەوە گووتی ئەم کتێبە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ نوسیوێتی و بڵاوی کردۆتەوە واتا لەسەر ئەو واقیعە سیاسییەی کە یەکێتی یەکێکە لە نوێنەرە سەرەکیەکانی، ئاسۆس هەردی بە وتارێك وەڵامی وتارێی ئازاد جوندیانی ئەداتەوە کوردستانی نوێ سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی هاوڵاتییە بۆ خواو خەڵك وەك مینبەرێکی دژ بە ئێستاو ئایندەی کورد، من کێشەم نییە لەسەر ئەوەی چی دەوترێت وچی دەنوسرێت لەسەر هاوڵاتی بەڵام کێشەم هەیە لەسەر ئەوە کەسێك بۆچونێکی تایبەت بە خۆی هەیە بەلام لە دەقەیەکدا هەوڵ ئەدرێت هەموو گروپێك تەیار بکرێت بەو بۆچونە، ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە خزمەت بە ڕاگۆڕینەوە ناکات بەقەدەر ئەوەی بەدوای سەپاندنی حەساسییەتی سیاسیدا ئەگەڕێت لەسەر ئەو گروپ و دەنگانەی کە تێگەیشتنیان جیاوازە، ئەوەی کوردستانی نوێ ئەیکات نەك یەکیتی بەرەو تاریکی دەبات بەڵکوو ئەخوازێت دونیای دەروەی حزب لە تاریکیدا بمێنێتەوە، ئەوەی ئێستا تێبینی ئەکرێت ئەو تێگەیشتن و دیدەیە ئەخوازێت ئەو پەراوێزە بچوکەی کە هەیە بۆ ڕادەربڕین وبەرهەمی خودی ڕۆشنبیرانە بە یەکجاری کۆتای پێبهێنرێت. . ئەوەی کە ئیستا کوردستانی نوێ پێ ی هەڵئەسێت ساخکردنەوەی ئەو گومانەیە کە فاشیزم ئەگەرێکی ئەکتیڤە و ڕۆژبەڕۆژ داخرانی زیاتر و پەراوێزکردنی زیاتر ئەگەری بە کردەوەی هەلومەرجی کوردستانە، تا ئەو ئاستەی ئەتوانین لە ماوەیەکی نزیکدا بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بڵێن ئێمەش نمونەیەکمان هەیە لە شکستی خەونی دیموکراسی...

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت